**یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١**

**یاسای هاوردەکردن و عەمبارکردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکان**

**لە هەرێمی کوردستان - عێراق**

**ماددەی (١):**

**یەکەم:** کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت، ناوخۆیی، یان بیانی، تۆمارکراو لە هەرێمی کوردستان، دوای وەرگرتنی مۆڵەتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم، دەتوانن بەپێی ئەو خەسڵەتە جیهانییانەی وەزارەت دیاریدەکات، بەرهەمە نەوتییەکان هاوردە و عەمبار بکەن، بیگوازنەوە و بیفرۆشن، بەمەبەستی بەکاربردنی ناوخۆیی، چ بە شێوەی ڕاستەوخۆ بێت یان لە ڕێگەی بریکاری ڕێپێدراوەوە. بەرهەمەکانیش هەریەکە لە بەنزینی ئۆتۆمبێل، زەیتی گاز، زەیتی بزوێنەر و گریس بەهەموو جۆرەکانیەوە، غازی شل، نەوتی سپی (کیرۆسین)، قیری شل، پترۆ کیمیایی، و هەر بەرهەمێکی تر کە وەزارەت بڕیاری لەبارەوە دەدات، دەگرێتەوە.

**دووەم:** پێویستە وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم خشتەی پاشکۆ لە شێوەی ڕێنماییدا دەربکات، بەجۆرێك کە هاوتا بێت لەگەڵ خەسڵەتە جیهانیەکانی ئەو بەرهەمە نەوتیانەی کە لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا ئاماژەیان پێکراوە.

**ماددەی (٢):**

**یەکەم:** هەر کۆمپانیایەک سەرپێچی حوکمەکانی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (١)ی ئەم یاسایە بکات، بەم شێوەیەی خوارەوە سزا دەدرێت:-

١- پێبژاردنێکی دارایی لە (١٠٠,٠٠٠,٠٠٠) سەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (٣٠٠,٠٠٠,٠٠٠) سێ سەد ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

٢- ئەگەر قازانجی کۆمپانیای سەرپێچیکار لەو سەرپێچییە لە بڕی (٣٠٠,٠٠٠,٠٠٠) سێ سەد ملیۆن دینار زیاتر بوو، ئەوا بە دوو بەرامبەری قازانجەکەی سزای پێبژاردنی بەسەردا دەسەپێنرێت.

٣- دەست بەسەرداگرتنی بەرهەمە نەوتییە هاوردەکراوەکان.

**دووەم:** ناوی کۆمپانیای سەرپێچیکار و خاوەنەکەی دەخرێتە لیستی ڕەشی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ ماوەی دوو ساڵ، و لیستەکە لەلایەن وەزارەت بڵاو دەکرێتەوە.

**سێیەم:** لە حاڵەتی دووبارەکردنەوەی سەرپێچییەکانی ئاماژە پێکراو لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا، ئەوا کۆمپانیای سەرپێچیکار مۆڵەتی کارکردنی لێ وەردەگیرێتەوە و ڕێگا نادرێت جارێکی دیکە چالاکییەکانی خۆی لە بواری بەرهەمە نەوتییەکاندا ئەنجام بداتەوە.

**ماددەی (٣):**

**یەکەم:** کۆمپانیا هاوردەکارەکان بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەتوانن وێستگەی فرۆشتنی سوتەمەنی و کۆگای عەمبارکردنی بەرهەمی نەوتیی تایبەت بە خۆیان دروست بکەن، بەپێی ئەو ڕێکسازییانەی لەلایەن وەزارەتی سامانە سرووشتیەکانەوە پەیڕەو دەکرێت، هەروەها دەتوانن بە مەبەستی فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییە هاوردەکراوەکان بەنزینخانە بەکرێ بگرن.

**دووەم**: ئەو کۆمپانیایانەی کە لە بواری عەمبارکردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییە هاوردەکراوەکان کار دەکەن، نابێت لە هەمان کاتدا کاری عەمبارکردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییە ناوخۆییەکانیش بکەن.

**سێیەم**: هەر کۆمپانیایەک سەرپێچی حوکمەکانی بڕگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیە بکات، بە پێبژاردنێکی دارایی بە بڕی (٥٠٠,٠٠٠,٠٠٠) پێنج سەد ملیۆن دینار سزادەدرێت، و لەحاڵەتی دووبارە کردنەوەی سەرپێچیەکە، بە پێبژاردنێکی دارایی کە بڕەکەی ( ٧٠٠,٠٠٠,٠٠٠ ) حەوت سەد ملیۆن دینارە سزا دەدرێت، و ڕێگەی پێنادرێت جارێکی تر چالاکییەکانی لە بواری بەرهەمە نەوتییەکان ئەنجام بدات، لە هەردوو حاڵەتیشدا دەستبەسەر بەرهەمە نەوتییەکاندا دەگیرێت.

**ماددەی (٤):**

**یەکەم**: کۆمپانیاکانی هاوردەکردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکان و کۆمپانیاکانی عەمبارکردن، بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بە مەرجەکانی تەندروستی و سەلامەتیی و پاراستنی ژینگە و کۆنترۆڵی جۆری پابەند دەبن.

**دووەم**: هەر کۆمپانیایەک سەرپێچی حوکمەکانی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە بکات بە پێبژاردنێکی دارایی لە (٥٠,٠٠٠,٠٠٠) پەنجا ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (١٠٠,٠٠٠,٠٠٠) سەد ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، سزادەدرێت.

**سێیەم**: لەحاڵەتی دووبارە کردنەوەی سەرپێچی، کۆمپانیاکە بە پێبژاردنێکی دارایی کە لە (١٠٠,٠٠٠,٠٠٠) سەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (١٥٠,٠٠٠,٠٠٠) سەد و پەنجا ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، سزادەدرێت، و ڕێگەی پێنادرێت جارێکی تر چالاکییەکانی لە بواری بەرهەمە نەوتییەکان ئەنجام بداتەوە.

**ماددەی (٥):**

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و وەزارەت و دەستە پەیوەندیدارەکان هەریەکەیان بەپێی پسپۆری و تایبەتمەندی خۆیان، چاودێری پابەند بوونی کۆمپانیاکان بەو مەرج و خەسڵەتانەی لەم یاسایە و یاسا بەرکارەکاندا هاتوون، لە ئەستۆ دەگرن.

**ماددەی (٦):**

ئەو کۆمپانیایانەی پێش دەرچواندنی ئەم یاسایە مۆڵەت پێدراون، بەردەوام دەبن لە چالاکیەکانیان، و لە ماوەی (٩٠) نەوەد ڕۆژ لە ڕێکەوتی خستنە بواری جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە، خۆیان لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە دەگونجێنن و پێوەی پابەند دەبن.

**ماددەی (٧):**

ڕەسمی گومرگی و باج بەپێی یاسا و پەیڕەوە بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق، وەردەگیرێت.

**ماددەی (٨):**

دادوەری لێکۆڵینەوە تایبەتمەندە بە یەکلاکردنەوەی دۆسیەی ئەو سەرپێچیانەی کە لەم یاسایەدا دەقنووسکراون، بەپێی حوکمەکانی تایبەت بە بڕیاری سزایی هاتوو لە یاسای بنەمای دادگاییە سزاییەکان ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراو.

**ماددەی (٩):**

ئەگەر بەرهەمـی نـاوخۆ پێداویسـتی نـاوخۆیی دابـین نەکـات، ڕێـگە بە هـاوردەکردنی بەرهەمە نەوتییەکان دەدرێت.

**ماددەی (١٠):**

پێویستە وەزیری سامانە سروشـتییەکان بە هەمـاهەنگی لەگەڵ وەزارەت و لایەنە پەیوەندیـدارەکان ڕێنمایی بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی (١١):**

کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆک بێت.

**ماددەی (١٢):**

ئەم یاسـایە لە ڕێکەوتـی بڵاوکـردنەوەی لە ڕۆژنـامەی فەرمـی (وەقـایعی کوردسـتان)دا جێبەجـێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچواندن**

لە پێناو دابینکردنی بەرهەمە نەوتییەکان بە کواڵتییەکی باش بۆ هاوڵاتیان، و پاراستنیان لە لێکەوتە خراپەکـانی بەرهەمە نەوتییەکـان بـۆ سـەر تەندروسـتی گشـتی و ژیـنگە، و ڕەخسـاندنی دەرفەتـی یەکسان لەبەردەم کەرتی تایبەتدا، و قەدەغەکردنی قۆرخکاریی، ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**نێچیرڤان بـارزانـی**
**سـەرۆکی هەرێمی کوردسـتـان**